# کاکە شاکەلی هەموو شتێک هەیت بەس پسپۆر نیت!!! ... رێبوار گەرمیانی

ئەگەر تۆزێك بە ووردی نوسینەکەی کاکە شاکەلی بخوێنینەوە وەڵامی گەورەترین پرسیارمان دەست دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە بۆ ئێمەی کورد قەت هیچمان نابێت بە هیچ؟

ئەویش ئەوەیە کە چوار کەسی وەکو ئەم کاکەیە بون بە موحەلیل و ئەحە سیاسی ئەم وولاتە. . .

جا ئەمەوێت بەم پەندە کوردیە بچمە ناو وەڵامەکەوە کە ئەڵێت (کەر لە کوێ کەوتووە و کورتان لە کوێ دراووە)

کاکە شاکەلی

ئەو ئیسلامیانەی کە جەنابت بە بەرهەمی واقیعی نائارامی کوردستانیان ئەزانی کاتێك دروست بون و سنگیان نا بە گولەی بەعسەوە کە یەکێتی و پارتیەکەی جەنابت کەوتبون بە سەر ماڵی ئەو خەڵکە داماوو هەژارو بێدەرامەتەی کوردستاندا کە هەفتەیەك پێش ئێستە لە پاداشتی ئەوەی کە ماڵی خۆیان کردبوو بە لانکەی پێشمەرگە درانە بەر دەستڕێژی گوولەو خەڵتانی خوێن کران، با چاو باشقاڵیەکانیشیان بخەینە بەینی دوو کەوانەوە بۆ کاتێکی تر، ئەمانە گەندەڵ و بۆگەنن نەك ئیسلامیەکان.

ئەو ئیسلامیانەی کە جەنابت و ئەمسالی تۆ لێیان بوون بە پسپۆر و تەحلیلاتی سەقەتیان لە سەر ئەکەن لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992 نەیان توانی بگەنە پەرلەمان، بەڵام لەم رۆژەدا کە جەنابت ئاوو هەواکەی بە لەبار نازانی بۆ ئیسلامیەکان سەرەرای ئەو هەموو تەزویر و پاشقول لێگردنەی یەکێتی و پارتی خاوەنی 15 کورسی پەرلەمانن بە مەرجێك هێندەی ئەوانەی کە دەنگیان داوە ئەوەندەشیان دەنگی نەداوە. .

ئەوە ئیسلامیەکان نین کە لە سەر میراتی گەندەڵییەکانی پارتی و یەکیتی ئەژین ئەوە تۆو هاوشێوەکانی تۆن لەسەر میراتی گەندەڵی ئەو دوو حیزبە ئەژین و بوون بە پسپۆر لە بواری سیاسەت و هەموو شتێك لنگەو قوچ تێگەشتوون کە بە نووسینەکەتا دیارە گوون و گێزەر لە یەك جیا ناکەیتەوە، ئاخر ئەگەر جیات کردایەتەوە نە ئەهاتی حوسنی ناموبارەك و هەڵبژاردنی میسر بە نموونە بهێنیتەوە کە ئەویش وەکو کاکە سەدامی و براکانی تری هەمیشە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێراونەتەوە، مەگەر بە قودرەتی قادر رەشەبایەك هەلیفرێنێت لە سەر ئەو کورسیە ئەینا ئەگەر عومر باقی بێت حوکمی کاکە جەمالی کوریشی ئەبینین.

ئەگەر لەمەو دوا نمونەت هێنایەوە ئەوا نمونەی هەڵبژاردنەکانی جەزائیر بهێنەوە کە تا کاتێ ئازادی هەبوو ئیسلامیەکان بە بێ کێشە لە سەدا 88 ی دەنگەکانیان هێنا. ئەگەر لە کوردستانەکەی خۆشماندا بە ئازادی هەڵبژاردنێك بکرێت و خەڵك نەترسینرێت و دەنگی خەڵك نەکریتەوەو مردوو دەنگ نەیاو تەزویرات نەکرێت و کۆی دەنگەکانی تەنها کۆیەش 20000 هەزاری زیاتر نەبێت لە رێژەی دانیشتوانەکەی ئەوا ئەو کات ئەبینین کە ئیسلامیەکان لەرزۆك و راران یان ئێوە. (بۆ زانیاریشت ئەگەر نازانی با بزانی کە ناوی هەر سێ پاریزگاکەی هەریم چۆتە لیستس رەشەوە لە سەر تەزویرات ئەم هەلبژاردنەش بکریت چاودیریەکی توند لە سەر ئەم سێ شارە دا ئەنریت و ئەو کاتە ئابرووچونیکی تر ئەبینین) نامەوی لەمە زیاترت بۆ بنوسم بەس تەنها ئامۆژگاریەك و دیاریەکم هەیە بۆت:

ئامۆژگاریەکەم ئەوەیە بچیت پاسێك بکریت و ئیشی نەفەرات بکەیت دوو عانە دەرکەی لەم چەلەحانێیە بکەوی باشترە وپارەی باشتریشت دەست دەکەوێ، بێ گومان بە کە بەس پسپۆر نیت. . .

دیاریەکەشم قسەکەی کاکە حەمەی حاجی مەحمودە کە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی میدیادا فەرمووی (ئەگەر ئەمەریکا فریا نەکەتایە ئیسلامیەکان یەکێتی و پارتیان ئەتەپاندە قوژبنێکی کوردستانەوە) ئینجا قسە لە پیاوی ئاقڵ وەرگرەوو کاکە حەمە شتێك ئەزانێت

رێبوار گەرمیانی_کەلار